

# عوسمانی وایەرمەن:
## میدیاکان بڕیاریانداوە هونەری کوردیی ئەنفال بکەن

**سازدانی: ئاوێنەکان**

هونەرمەند عوسمانی وایەرمەن، لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئاوێنەکان، ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لەسەرەتای کاری هونەرییەوە، حەزیکردووە لەبـواری هونـەری (مەنەلـۆچ)دا کار بـکات، هەروەها بەتوندیش رەخنە لەکەناڵە ئاسـمانییە کوردییـەکان دەگرێـتو دەڵێـت «میدیـاکان بڕیاریانداوە هونەریی کوردی ئەنفال بکەن».

عوسـمانی وایەرمـەن پێیوایـە کاری هونەریی‌و پیشـەی فیتەرییەکـەی تێکەڵاویەک هەیـە لەنێوانیانـداو توانیویەتـی بەهۆی کارە هونەرییەکەیـەوە، هونـەر لەپیشەکەشـیدا بەکاربهێنێـت «هەسـت دەکـەم وایەرمەنـی هونەرە، هەمیشە حەزم کردووە گڵۆپو ئاوێنەی ئۆتومبیلەکان جوان بکەم، ئەمەش هونەرە، بۆیە حەزی هونەرو فیتەریی لەیەکەوە نزیکن».

عوسمانی حاجی محەمەد، ناسراو بە (عوسمانی وایەرمەن)، سـاڵی ١٩٥٤ لەگەرەکی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایکبووە، بەو پێیەی باوکیشی فیتەر بـووە، بۆیە هەر لەتەمەنـی منداڵییەوە خۆی بەئیشـکردنەوە خەریک کردووەو ئێستاش «خۆشـبەختە کە توانیویەتی بەرەنجی شانی، خۆی پێبگەیەنێت».

ناوبراو لەمنداڵییەوە خولیای موزیکو گۆرانی تێدا بەرجەسـتە بووە، بەڵام لەدوای راپەڕینەوە ستایڵی (مەنەلۆچ)ی هەڵبژاردووەو لەو بوارەشدا بۆ زۆربـەی لایەنە سیاسـیو کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی پێشکەشکردووە.

* سەرەتا حەز دەکەین بزانین چۆن لەیەککاتدا دوو کار دەکەیـت، (وایەرمەن)و (هونەر)، ئایا هیچ نزیکییەک هەیە لەنێوانیان؟

– خۆی لەدنیـادا هەر وایە، بۆ نموونە خەڵک فیتەرەو باشـترین گۆرانیبێژە، یان بۆیاخچیەو باشترین ئەکتەرە، هونەر لەناخدایە، منیش هەست دەکەم وایەرمەنی هونەرە، بۆ نموونە هەمیشـە حەزم کـردووە گڵۆپو ئاوێنـەی ئۆتومبیلەکان جوان بکـەم، ئەمەش جۆرێکـە لەهونەر، بۆیە هەست دەکەم حەزەکان لەیەکەوە نزیکن.

* واتـە حەزی تۆ بۆ هونـەر، رەنگدانەوەی لەئیشەکەشتدا هەبووە؟

– بەڵێ بەدڵنیاییەوە، تەنانەت ساڵانی پێشوو هەمیشـە ئەو ئۆتومبیلانەی پێم بوو سـەرنجی زۆربەی کوڕانو کچانیان بۆ خۆیان رادەکێشا.

* لەکاتی تۆمارکردن ئەو گۆرانییانەدا کاتێک یـادەوەری منداڵیت بیر کەوتۆتەوە، هەسـتت بەچی کردووە؟

– بەڕاسـتی ژیانی منداڵیم خۆشبوو، چونکە هەر لەسـەرەتاوە لەگەڵ باوکم ئیشـم کردووەو دوایش خۆم بەردەوام بووم، بەتەئکید یادگاریی زۆر خۆشی منداڵیم بیرهاتۆتەوە.

* ئەوەندەی سـەرنجمان دابێت لەکلیپەکاندا زۆر سـوعبەتچی دەردەکەویتو سەما دەکەیت، لەژیانی رۆژانەشدا هەروایت؟

– ئەمڕۆ دنیای دەنگو رەنگە، سـتایڵی ئەمڕۆ دەبێت بەو شـێوەیە بێت، بەڵام خۆم هەمیشـە لەناخـەوە بەزەوقم، تەنانەت زۆرجار شـەوانە لەماڵەوە بەدەفەکەم گۆرانی بۆ منداڵەکانم دەڵێم، حەز دەکەم ئەگەر خـۆم دڵخۆش بم، ئەوانیش دڵخۆش بن، لەگـەڵ خێزانەکەمدا وەکو هاوڕێ وام، بـەڵام تەبیعەتێکی سەیریشـم هەیە، دڵم پاکە، بەڵام ئەگـەر بێتاقەتم بکەن، درەنگ دڵم چاک دەبێتەوە. هەروەها کاتێک هەسـت دەکەم هونەرێکی باشـم کردووە، بـەڵام کاتێک دەرۆم بۆ لای کەناڵەکانی راگەیاندن، دەبێت بەواسـتە وەڵامم بدەنـەوە، کەچی بـۆ هونەرمەندانی تر وانیـن، ئەوەش بێتاقەتم دەکات. بەڕای من هەر هونەرمەندێک ئەگـەر لەناخەوە گۆرانی نەڵێتو سـەما نەکات، نابێـت بەو ئـەو هونەرمەندەی بڕواتە ناو دڵی خەڵکەوە.

* باسـت لەراگەیاندنـەکان کـرد، زۆرجار دەبیستین کە گلەیت لەکەناڵەکان هەیە، دەکرێت بزانین ئەم گلەییانەت لەچییەوە سـەرچاوەیان گرتووە؟

– مـن هەر ئەوەنـدە دەڵێم، لـەوە دەچێت میدیـاکان بڕیاریانـدا بێت هونەرمەنـد بەجلی کوردییەوە قبوڵ نەکەن، لەوە دەچێت بڕیاریاندا بێت کاری کـوردی فەرامۆش بکـەنو ئەنفالی بکەن، من بەبەڵگەوە دەڵێم دەیانەوێت فۆلکلۆری کوردی ئەنفـال بکەن، کاکە هونەرمەندی لە من باشـتریش هەیە گرنگی پێبـدەن، دەبێت ئێمە واسـتە بکەین لەکەناڵەکان بـۆ بڵاوکردنەوەی کلیپەکانمان کە لەدنیادا شتی وانیە، بەڵام لەوە دەچێـت میدیاکان رێز لەو کەسـانە نەگرن کە لەفەرهەنگو کلتـوری ئەم وڵاتە نزیک دەبنەوە، کەچی کاتێک هونەرمەندێک لەئەوروپاوە کلیپێکی بێکەڵک دەهێننەوە، لەمیدیاکانەوە پشـتگیری لێدەکرێتو بانگهێشت دەکرێت. بەڵام من لێرەوە جارێکیتر پێیـان دەڵێمەوە، دەبێت ئەو کلتورە بمێنێتو ئێمە بەردەوام کاری بۆ دەکەین.



* وەک بیستومانە لەم ماوەیەدا گۆرانییەکت لەسـەر شـاری کەرکوک تۆمار کردووە، بەڵام لەلایەن میدیاکانەوە وەکو پێویسـت پشتگیریت نەکراوە؟

– لەڕاسـتیدا حـەزم کرد کارێک بۆ شـاری کەرکوک بکەم، چونکە هەستم کرد بەوە مورتاح دەبووم، ئەوەبوو شـاعیرو هاوڕێی بەڕێزم کاک محەمەد پاکژ هۆنراوەکەی بۆ نووسـیمو خۆیشم ئاوازو سیناریۆیەکەم بۆ دانا، چوومە تەلەفزیۆنی کەرکوکو ئەوانیش وتیـان هەموو هاوکارییەکت دەکەیـن، تەنانەت گۆرانییەکەم لەسـەر ئەرکی خۆم ئامادە کرد، لەو کاتەدا بوو کە تەقینەوەی چێشـتخانەی عەبدوڵا روویـدا، چوومە جەبەل حەمریـنو گۆرانییەکـەم کلیـپ کـردو ئاڵای کوردسـتانم چەقاند، بەراسـتی دەمەوێت زۆر سوپاسـی خەڵکی گونـدەکان بکـەم کە زۆر دڵسۆزانە هاوکارییان کردم، دواتر وەکو دیارییەک پێشکەشـم کرد بەکەناڵەکانی راگەیاندن، بەڵام بەداخەوە فەرامۆشـیان کرد، من لەوە تێناگەم کاتێک بەڕێزان تاڵەبانیو بارزانی لەسەر کەرکوک قسـە دەکەن، لەبری ئەوەی کەناڵەکان گۆرانی (کەرکـوک)ی هونەرمەنـدەکان پەخش بکەن، کەچی کلیپی گۆرانی دیکە پەخش دەکەن.

* هەست ناکەیت ئەوەندەی لەبواری کلتوردا قاڵبوویتەتـەوە، ئێسـتاو ئاینـدەت فەرامۆش کردووە؟

– نەخێر من گەنجم فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو زۆربەی جەماوەرەکەم گەنجن، بەڵام لەبەرئەوەی بەمنداڵـی هونەرمەنـدە کۆچکردووەکانـم خۆشویسـتووە، ئێسـتاش دەنگو ئیشـی ئەو هونەرمەندە نەمرانە لەمندا رەنگیان داوەتەوە.

* پێموابێت لەگەنجیدا عاشقیش بوویت؟

– بەڵێ راسـتە، زۆر عاشـق بوومو ئێستاش عاشقم، تەنانەت لەئێسـتاش زۆر جوانتر بووم، کاتی خۆی لەگەڵ هاورێیەکی شاعیری بەڕێزمدا، هەریەکەو حەزمان لەکچێک کردبوو، من دەمویست نامەیەکی بۆ بنێرم، بەڵام زۆرجار تووشی کێشەو گیرگرفـت دەبووین، چونکە وەک ئێسـتا نەبوو مۆبایـلو نامە هەبێت، جـاران تەقولباب هەبوو لەدەرگامـان دەداو کچەکە دەهاتە دەرەوە، یان کاتێک خۆڵی دەرشت دەمانبینی، چونکە بەهەر شـێوەیەک بوایە دەمانویست بیبینین، بۆیە لەم ماوەیەدا بیرم لەوەکردووە گۆرانییەک ئامادە بکەم لەنێوان عەشقی جارانو ئێستا خۆشبەختانە کاک محەمەد پاکژی شاعیر هۆنراوەکەی بۆ نووسیمو موزیسیانی بەتوانا، مامۆستا عەبدوڵا جەمالیش ئاوازی بۆ دانایین.

* ئەی خیزانەکەت چۆن هێنا؟

– بەحوکمی ئـەوەی خێزانەکەم، کچی خاڵی خۆم بوو، پەیوەندیمان باشـبوو، هاتووچۆمان گەرم بوو، ئیتر نەنکم وتی عوسمان بۆ ئەو کچە ناهێنیت زۆر باشـە بۆ تۆ، ئیتر منیش بەقسەم کردو هێنام، ئێسـتاش پەیوەندیمان زۆر باشە. خێزانەکەم ناوی (سۆلاڤ)ەو خاوەنی دوو کوڕو دوو کچم.

* ئەی لەو کلیپانەدا کە ژمارەیەکی زۆر کچت لەگەڵدایە، هیچ کاتێک خێزانەکەت دڵت لێ پیس ناکات؟

– نەخێـر بەهیچ جۆرێـک، چونکە وەک وتم پەیوەندییەکی خۆشەویستی زۆر باش لەنێوانماندا هەیـە، تەنانەت بۆ یەکێـک لەکلیپەکان، کچی ناسراوێکمان لەئەوروپاوە هاتبووەوە، خێزانەکەم وتی ئەو کچە زۆر باشـە لەکلیپەکەدا بەشـدار بێت. بەڵام بـڕوا بکەن ناوی زۆربەی ئەو کچانە نازانم کە کلیپیان لەگەڵدا دەکەم.